کۆمەڵکوژی
کورد بەدەستی بەعس و سەرانی بزوتنەوەی بنەماڵە- خێڵ
لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ وە دەستی پێکرد

بـــزوتنەوەی کـــورد کە دوو بـــاڵی ســـــەرەکی بـــوو، (بـــاڵی ســـــەرۆک بنەمـــاڵە- خێـــڵ و تفەنگچیەکـــانی بـــزوتنەوەی بـــارزان، بـــاڵی ورده بـــۆرژوای سەرلێشـــێوای نـــاوچەی ســـۆران و خامەبەدەســـتانی ئینگلیـــز) و عـــارەبە نەتەوەپەرەســـتەکان، پێکهـــاتوو لە ناســـری و بەعســـییە دەڕنـــدەکان، تـــوکمەترین بەرەیـــان بـــۆ لە ناوبردنی:

- بزافـــی ڕەوای کـــورد کە ســـاڵانێک بـــوو دەیویســـت لە ســـنوورەکانی ســـایکس بیکـــو و پەیمـــانە ژەهراوییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ڕزگاری ببێ.
- لێدان و سڕینەوەی هوشیاری چینایەتی نەتەوە عەرەبەکان بەتایبەتی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق و داونانەوە بۆ کۆمەڵکوژی هێزە شیوعی و ڕزگاریخوازەکان.
- بەســـتنەوەی ئەو گەلانە و تـــۆخکردنەوەی ســـنوورەکانی ســـایکس بیکـــۆ و بەکارهێنـــانی ئەو دوو هێزە(بزوتنەوەی کورد و بەعس) بۆ سەرکوتکردنی هەر سەرهەڵدانێک.
-

هەر لە دامەزرانـــدنی کۆمـــاری مەهابـــادەوە تـــاکو کودەتـــاکەی عەبـــدولکەریم قاســـم و ڕوخانـــدنی پاشـــایەتی ١٩٥٨، دەزگـــای ســـیخوڕی ئەمریکـــا و ڕۆژئـــاوا، چالاکـــانە کاریـــان کـــردوە، بـــۆ لە نـــاوبردنی هەر جـــوڵەیەک کەبەرژوەندییەکانی ئەوان بخاتە مەترسییەوە.
مـــانەوەی بەرزانـــی یەکەم(مەلاموســـتەفا) شـــەش مانـــگ پێتـــر دوای لە ســـێدارەدانی قـــازی مـــوحەمەد لە ئێـــران و پیوەنـــدیکردنی بە دەزگـــای ســـیخوری زلهێزەکانە(ڕوســـیا، ئەمریکـــا و بەریتانیـــا، بـــڕوانە زرار دەرگەڵـــی، ڕاپـــۆرتی ســـی ئـــای ئەی..هتـــد). بە هێزکردنـــی ناســـیۆنالیزمی عـــارەبی، بەســـەرۆکایەتی جمـــال عەولناســـر و دواتـــر میشـــێل عەفلـــەق، بـــڕوانە (SOLD OUT, GIBSON R LA 71-75 ) باشـــترین بەڵـــگەیە کە ئەم دوو هیزە(ســـەرانی خێڵـــی کـــورد و ناسیۆنالیســـتی عـــارەبی) چ کارەســـاتی مرۆییـــان بە ســـەرناوچەکە و نەتەوەکـــانی هێنـــاوە. لەلایەک تـــۆخکردنی ســـنورەکانی ســـایکس بیکـــۆ، کۆمەڵکـــوژی کـــورد، لە ڕۆژهەلاتـــی کوردســـتان دوای دارمـــانی کۆمـــاری مەهابـــاد و ڕوخانـــدن و ســـووتاندنی پتـــر لە دوو هەزار گونـــد و شـــارەدێ، وێرانکردنـــی ناوچەکـــانی باشـــووری کوردســـتان، لێـــدانی یاســـای چـــاکردنی کشـــتوکاڵ، لەلایەن دەربەگە تفەنگچییەکـــانی مەلایـــی و جەلالـــی، شـــکاندنی ســـەروەری تـــاکی کـــورد و لە باربردنی هوشیاری گشتی.
ئەم بەرەیەی نێـــوان (ناســـیۆنالیزمی عـــارەب و کـــوڕانی خێڵـــی کـــورد) تەنهـــا کۆمەڵکـــوژی کۆمۆنیســـتەکان نەبـــوو لە هەشـــتی شـــوبات، بەڵکـــو ئـــامرازێکی کـــاریگەربوو و تـــا ئەمـــڕۆش باشـــترین چەکە بـــۆ تێکـــدانی و لە نـــاوبردنی هەر بـــزوتنەوەیەک کە ســـەرەخۆبوونی گەلانـــی لێـــدەکەوێتەوە. ئەو ســـەرۆک خـــێڵە کـــورد و عـــارەبە ناسیۆلیســـتانە ئەوەنـــدە جـــێگەی متمـــانەی زلهێزەکانـــان، ســـەرانیان تـــاکو پیریـــی زەفەریـــان پـــێ نەبـــات، لە باڵـــدار ئـــازادترن و بەردەوام فڕکـــان فڕکانیـــانە. ئەدی جـــێگەی پرســـیارنییە، بـــۆچی قـــازی لەسـێدارە دەدرێ؟ قاســـم کودەتـــای دژ دەکـــرێ؟ ئەحـــمەد دیمرتـــاش دەگیـــرێ؟ ئـــۆجەلان دەگیـــرێ؟ فەهـــد و ســـەلام عـــادل لە ســـێدارە دەدرێـــن؟ و دەهـــا کەســـایەتی نیشـــتیمانپەروەر بە کـــوڵەمەرگی دەژیـــن و ســـەدانی دی دەخرێنە زیندان.؟

کەواتە مـــانەوەی بـــزوتنەوەکەی کـــوڕانی خێـــڵ لە باشـــوور بە هەردوو بـــاڵ و پەڕاکـــانی دویـــیەوە، دوای ئەو هەمـــوو شکســـتی و ئاشـــبەتاڵ و ئەنفـــال و کۆمەڵکـــوژییە، خـــاک ســـوتاندنە، ئـــازایەتی خۆیـــان نیـــیە،

بەڵکـو وەک لە سـەرچاوەی دەزگـای سـیخوری زلهێزەکـان ئامـاژەی پێـدراوە، ئەوانـیش وەک سـەرانی ناسـیۆنالیزمی فاشـی عـارەبی و شـوێنەکانی دی، باشـترین ئـامرازی دەسـتی ئەوانـن بـۆ دەستبەسەراگرتنی سامانی ناوچەکە.
لە تێکـڕای ئەو شـیکارییەی سـەروە، دەبـێ تـاکی کـورد و عـارەب و نەتەوەکـانی دی بـگەنە ئەو ڕاسـتییە، کە لاوازی هەر بزوتنەوەیەکـی نیشـتیمانی، چینـایەتی، چەپگەرایـی و ئـازادیخواز، لاوازی ئەوانە. لەوەش سـاکارترنیە کە یەکسـانی و دادەوەری کـۆمەڵایەتی، ئامـانجی کـۆڕانی خێـڵ بـێ و ئاشـتەوایی گشتی دەستەبەری بکەن.
ئەمە دلـۆپێکیش ناکـا لەو ڕاسـتیە تـاڵە، ئەو سـەرۆک خێـل و وڵاتفرۆشـانە بە درێژایـی مێـژووی نـاوچە کردویـانە. مەگەر یەکـێ گەمـژە و هێڕبـێ ئەو ڕاسـتیانە سـیاپۆش کـاو خـۆی و کەسـانی دی پـێ فریوبـدت، ئیـدی کـێ حەزی لە گریـانی سـەر مەزاری سـەرانی خێـڵ و گـۆڕی داردەسـتانی وڵاتێکـی بێڕەوشـتی وەک بەریتانیـا یـان هەر زلهیزێکـی دیـیە، لـێگەڕێن بـا هێنـدە شـین بگێـڕێ چاوەکـانی نابینـا بن!
بەڵـێ! بەریتانیـا و ئەمریکـا شـیوعیەکان و کەسـانی ئازادیخوازیـان کۆمەڵکـوژکرد، بەڵام هێشـتا کۆمەڵکـوژی نەتەوەی کـورد، دوای شـیوعییەکان هەر بەردەوامە. ڕێـک وایە، کوردەکـان باشـترین جەنگـاوەری سـوپای بێگـانە و لە نـاوبردنی خۆیـانن. لە کوردسـتان هەردوو بـاڵی بزوتنەوەکە(مەلایـی و جەلالـی) باشـترین خزمەتـی داگیرکەرانـی کوردسـتانیان کـردوە. سـەرۆک ئەنفـالچی ڕیزەکانیـان و بەعسییە فاستەکان و میتی تورکی و ئیتلاعاتی ئیران، لە شارەکانی باشوور باشترین بەڵگەن.

ئاسۆ بیارەیی
٨ی شوباتی ٢٠١٩

---

سەرچاوە:-
# بیرەوەرییەکانم ساڵی ١٩٤٣ تاکو ١٩٧٧ زرار دەرگەڵی. هەولیر ٢٠٠١
# کـاکە مەم بۆتـانی، کـاکە مەمێکـی تـر. بڵاوکراوەکـانی بـنکەی ئەدەبـی و ڕونـاکبیری گەلاوێـژ. چاپخـانەی سیما. ساڵی چاپ ٢٠٠٥
Sold out Gibson R 2015 USA #
hakan Özoğlu University of Central Florida, United States #
Molla MusTafa BarZanI In The usa 1975–1979